ماددە نایلۆنییەکان زیان بە کۆئەندامانی لەش دەگەیەنن

ئا: غەمگین

چەند زانایەک لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرایانکرد، ئەو ماددەیەی لە ئیستۆرجین دەچێت لە ناو پلاستیکدا هەیە، زیانێکی زۆر بەو مرۆڤ دەگەیەنێت، ئەم ماددەیە ناوی بیسفنول (BPA) کە ماددەیەکی کیمیایی بڵاوە لە جیهاندا چووەتە ناو لەشی زۆرینەی مرۆڤەوە بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی کاڵا نایلۆنەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، زانا ئەمریکیەکان دوای (700) تاقیکردنەوە بۆیان ئاشکرا بوو ئەم ماددەیە زیانبەخشەو مەترسییەکی زۆری هەیە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ، بە تایبەت نەخۆشییەکانی ئافرەتان و ئەوانەی پەیوەندیان بە رەحمی ئافرەتەوە هەیەو دووچاری ژێر پەنجەی دەکات، هەروەها پەیوەندی بە نەخۆشی پرۆستاتەوە هەیەو زیان بەگەشەی منداڵ و سپێرم دەگەیەنێت، واتە تۆوی پیاو لاواز دەکات لەو کاتەی ئەم ماددەیە زۆر دەبێت لە ناو لەشی مرۆڤدا مەترسی زیاتر دەبێت و منداڵیش بە هۆی ئەوەی زۆربەی پێداویستیەکانیان لە نایلۆن دروستکراون هەڵگری ئەم ماددەیە زیانبەخشن، دوای دەرچوون و ئاشکرابوونی زیانەکانی ماددە نایلۆنییەکان، کۆمپانیاکانی دروستکردنی کەلوپەڵە نایلۆنییەکان نارەزایبان دەربڕی و پێیانوایە زۆرینەی زاناکان وپسپۆرانی بواری زانستی لەسەر ئەم خاڵە کۆک نین و وا هەست ناکەن کە ئەنجامەکەی بەمشێوەیە بێت، هەر بۆیە بۆ ئەم مەبەستە بڕیارە لە چەند هەفتەیەکی داهاتوودا بۆ تاوتوێکردن لەسەر ئەو ماددەیەی کە لە نایلۆندا دروستکراوە، گوایە زیان بە کۆ ئەندامی زاوزێ دەگەیەنێت، زاناکانی وڵاتانی چین و ژاپۆن و ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکە کۆببنەوە و تاقیکردنەوەی نوێش ئەنجامدەدەن بۆ ئەوەی دوا بڕیار بدەن و بە شێوەیەکی زانستی و توکمە هەموو لایەک لە سەر ئەنجامەکەی کۆک بن.

حەفتا ساڵەکان زیاتر چێژ لە سێکس وەردەگرن

سەرچاوە: سایتی خۆزگە

ڕۆژانە لەڕێگای میدیا جۆراوجۆرەکانەوە ئاگادار دەکرێنەوە، کە تەنها گەنجان دەتوانن چێژ لە سێکس وەربگرن و ئەوان زیاتر لە واتا جوانەکانی جووتبوون تێدەگەن، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی سوێدی ئەنجامدراو دەریدەخات، کە حەفتا ساڵەکان زۆر زیاتر چێژ لە سێکس وەردەگرن و باشتر لە واتاکانی تێدەگەن.

لەنێوان ساڵەکانی 1971 بۆ 2001دا چوار جار پرسیار ئاراستەی پیاوان و ژنانی تەمەن 70 ساڵی شاری بۆتۆبۆری سوێدی کراوە و لەڕێگایەوە ویسترا بزانرێت، تا چ ئاستێک پیاوان و ژنان لە سێکسدا چالاکن و تا چ ئاستێکیش چێژ لە سێکس وەردەگرن. هەروەها بەشداربووان پرسیاریان لەهەمبەڕ کێشەکانی جووتبوون لێکراوە و بۆچوونیان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر سێکس وەرگیراوە.

ئەنجامەکانی ڕاپرسی نیشانی دەدەن، کە تێڕوانین بۆ سێکس لەنێو مرۆڤەکاندا ساڵ بەساڵ گۆڕانکاری بەسەردا دێت. پێشتر بۆچوون هەبوو، کە تەنها گەنجان زیاتر لە واتاکانی سێکس دەگەن و هەر ئەوانیش چێژی زۆر لە جوانترین تێکەڵبوون وەردەگرن.

توێژەران لەئاکامی هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی ڕاپرسی بۆیان دەرکەوتووە، کە بەتەمەنەکان زۆر زیاتر لە گەنجان سێکس دەکەن و زۆر زیاتریش چێژ لە تێکەڵبوونی جەستە وەردەگرن.

لە ڕاپرسی ئەنجامدراوەوە توێژەران ویستویانە بزانن، کە سێکسی ئێستا لەگەڵ ساڵەکانی پێشوودا جیاوازی چییە: لەساڵی 2000دا لە 66%ی پیاوان و لە 34%ی ژنان ئاشکرایانکردووە، کە زۆر بە سێکسەوە سەرقاڵن. لەکاتێکدا تەنها لە 47%ی پیاوان و لە 12%ی ژنان لەساڵی 1971دا سەرقاڵی سێکس کردنبوون.

ئەو گۆڕانکارییەش نیشانی دەدات، کە سێیەکی پیاوان و ژنان ئێستا زیاتر سەرقاڵی سێکس کردنن- هەفتەی جارێک بەلایەنی کەمەوە. لەکاتێکدا پێش 30 ساڵ لەمەوبەر دەیەکی پیاوان و ژنان سەرقاڵی ئەنجامدانی سێکس بوون.

ئەنجامەکانی ڕاپرسی سێکس وەک شتێکی زۆر پێویست لەنێو پیاوان و ژنانی بەتەمەندا دەردەخەن: لە 70%ی پیاوان و لە 60%ی ژنان ئاشکرای دەکەن، کە ئەوان بۆ ئەنجامدانی سێکس زۆر چالاکن و چێژێکی زۆر لە سێکسی ئەنجامدراو وەردەگرن. هەروەها لە 83%ی ژنان ئاشکرای دەکەن، کە ئەوان بەشێوەیەکی بەردەوام ئۆرگازمیان هەیە. هەروەک توێژەران سوێدی لە زانکۆی "Göteborg"یەوە ئاشکرای دەکەن، کە لە 90%ی تەمەن 70 ساڵەکان چێژێکی یەکجار زۆر لە سێکس وەردەگرن.

سەرچاوە: سایتی خۆزگە

خواردنی تەندروست پێداویستییەکی ژیانە

ئا: زانکۆ محەمەد ئەحمەد

پیادەکردنی "سیستەمی خۆراکی هاوسەنگ" بە واتای خواردنی ژمارەیەک خواردنی کە تیایاندا گەرمۆکەو رەگەزی خۆراکی وجودی هەیە و جەستە پێویستی پێیان هەیە، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە ڕێژەی زیادەی چەوری و خوێ و شەکر. بیرۆکەی پیادەکردنی خۆراکی هاوسەنگ زۆر سادەو ئاساییە و خۆی لە هەموارکردنی سیستەمی خۆراکیت و پیادەکردنی پلانێک بۆ موماریەسەکردنی وەرزش و بەهێزکردنی ئامانجەکانت لەپێناو ژیانێکی تەندروست و زیندوو بە بێ زیادبوونی کێش دەبێنێتەوە، بەڵام ئەو کارەش وا ئاسان نییە.

زۆربەی خەڵکی ئارەزوو دەکەن کە سیستەمی خۆراکیان باشتر بکەن، بەڵام دووچاری کێشەی زۆر دەبنەوەو پەیوەستە بە ریتمی ژیانی سەردەم و خواردنە خێراکان، خۆراکی تەندروست ئەوەیە تا پێداویستەکانمان پڕ بکاتەوەو بەم حاڵەتەوە دەتوانین بەرەنگاری ئاستەنگەکان بینەوە.

ڕۆژانە ئافرەت پێویستی بە (1200) تا (1500) گەرمۆکە هەیە، پیاویش ڕۆژانە پێویستی بە (1700) تا (2000) گەرمۆکە هەیە ڕۆژانە، بەمە دەتوانین ئەنجامی پێویست دەستبخەین وکێش کەمبکەینەوە و پارێزگاری بکەین لە شێوازی تەندروستی ژیان. کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ نەخۆشیەکانی دڵ ئامۆژگاری دەدات بە بەکاربردنی (25) تا (30) گرام لە ئەلیاف، ئەمیش لە ڕێگەی خواردنی نیوەی پێگەیشتوو سەوزەوات، ئەمەش لە ڕووی کرداری، بەواتای خواردنی (5) بۆ (9) ژەمی میوەو سەوزە ڕۆژانە. یەکێکی دیکە لە ئامۆژگاری شارەزایانی خۆراک دانانی کاتی خواردنەوە، هەروەها لەگەڵ خواردنەوەی (6) بەرهەمی ئاژەڵی و کەمکردنەوەی چەوری و زەیتی ماسی بۆ دابەزینی ڕێژەی کولسترۆل کە ئاو لە جەستە خەزن دەکات. بۆیە دەبێ خوێ کەمبکرێتەوە و خواردنی دیکە لە شوێنی بەکار بێ وەکو سیری پێگەیشتوو بەرهەمی میوەو بەهاراتی بێخوێ، جگە لەمە پێویستە وەرزش بکەیت بۆ سووتاندنی گەرمۆکە و بەهێزکردنی ماسولکەکان. زۆر گرنگە مرۆڤ میوەو سەوزە زۆر بخوات، چونکە ئەمانە دەبن بە هۆی هەرسکردنی خۆراک و هاوکاری دەدات بۆ کاری دەزگای هەرس و مرۆڤ دوور دەخەنەوە لە نەخۆشی مەترسیدار. دەکرێ ئێمە کونترۆڵی ئەو خۆراکانە بکەین کە دەیانخۆین، ئەمەش بەوە دەکرێ کە دووربکەینەوە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و کەمکردنەوەی خواردنە چەوریەکان و هەڵبژاردنی سەوزە و میوە و ئاو یاخود کەمخواردنی خۆراکە خۆشەکان و کەمکردنەوەی قەبارەی ژەمە گۆشتیەکان و خواردنە ئاویی و پەلەوەریەکان، ئەمیش بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆلسترۆل و چەوری.

بەڵێ زۆر گرنگە خواردنی خۆمان تەندروستیانە ڕێکخەین تا جەستە و ژیانێکی تەندروستمان هەبێ.

خواردنەوەی گوشراوی میوە مەترسییەکانی تووشبوون بە جۆری دووەمی شەکرە بەرز دەکات

ئا: ڕۆژین

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریدەخەن، کە ژنان بۆ خۆپاراستن لە شەکرەی میزلەسەریان پێویستە بڕێکی یەکجار زۆر لە سەوزە و میوە بخۆن و هاوکاتیش خۆیان لە خواردنەوەی گوشراوی میوە دوورە پەرێز بگرن.

ماوەی 18 ساڵ لەنێو 71346 ژندا تێبینکراوە، کە ڕۆژانە خواردنی سێ ژەم لە میوە یان سپیانخ یان هەر سەوزەیەکی هاوشێوە دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی مەترسییەکانی تووشبوون بە شەکرەی میز.

دکتۆر "Lydia A. Bazzano" لە "Tulane University" لە "School of Public Health and Tropical Medicine" لە "New Orleans" لەمیانەی لێدوانێکی بۆ "Reuters Health"دا وتی: "پەیڕەوکردنی ئەم شێوازی خۆراکە نابێتە هۆکاری بنبڕکردنی دەرکەوتنی ئەم نەخۆشییە، ئەگەر ژنێک هەڵگری فاکتەری دیکەی مەترسیداری تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە بێت، بەڵام دەکرێت پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە سیستەمە یارمەتیدەرێکی باشی خۆپاراستن بێت."



لەمیانەی ئەم لێکۆڵینەوە نوێیەدا خاتوونی ناوبراو و هاوەڵەکانی هەڵسان بە شیکارکردنەوەی زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە ژەمی خۆراکی بەشداربووان و لەکۆی بەشداربووانیش 4529 ژنیان دووچاری جۆری دووەمی شەکرەی میز هاتبوون. بۆ دیاریکردنی کاریگەری سەوزە، میوە و گوشراوی میوە توێژەران لەسەر ئاستی خۆراک و خواردنەوە وەرگیراوەکان بەشداربووانیان بەسەر پێنج گروپدا دابەشکرد.

دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان دەریانخست، کە ڕۆژانە خواردنی سێ بەش لە هەموو جۆرە میوەیەک دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی مەترسییەکانی تووشبوون بە جۆری دووەمی شەکرە بەڕێژەی لە 18%، لەکاتێکدا خواردنی سەوزە دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی مەترسییەکانی نەخۆشی ناوبراو بەڕێژەی لە 9%. هاوکات خواردنەوەی گوشراوی میوە بۆتە هۆکاری بەرزکردنەوەی تووشبوون بە جۆری دووەمی شەکرە، ئەوەش بەڕێژەی لە 18%.

لەڕێر تیشکی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە نوێیەوە "Lydia A. Bazzano" پێیوایە، کە میکانیزمی سەلمێندراوەهەیە، کەبەهۆیەوەگوشراوی میوە دەبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی تووشبوون بە جۆری دووەمی شەکرە. هۆکاری ئەوە بەرزبوونەوەیەش بۆ ڕێژەی زۆری شەکری گوشراوەکانی میوە دەگەڕێتەوە، کە لەشێوازێکی تووادەدایە و ئاسانتر لەلایەن لەشی مرۆڤەوە وەردەگیرێت.

سەرەڕای مەترسییەکانی گوشراوی میوە توێژەران هۆشیاری بەوە دەدەن، کە پێویست ناکات، هانا بۆ جۆرەکانی دیکەی خواردنەوە بدرێت و لەڕێگایەوە مرۆڤ خۆی لەسوودمەندییە گرنگەکانی گوشراوی میوە دووربخاتەوە.

بۆ ئەوەی دوو لێوی جوانت هەبێ

ئا: هەورین

زۆر لە ئافرەتان و ژنان دەپرسن، ئایا چاکترین ڕێگە بۆ لێو سوورکردن چییە کە بۆماوەیەکی زۆریش بمێنێتەوە؟

لەم بارەیەوە "ئەلیزی بولی" شارەزای بەناوبانگی ئارایش لە بەریتانیا دەڵێت "بەر لە هەمووشتێک توێژاڵە کرێمێک لە سەر هەردوو لێو دابنێ پاشان بەقەڵەمێک سنوورەکانی ڕێک بخە کە ڕەنگی لە ڕەنگی بۆیە سوورەکەی لێوان نزیک بێت، ئینجا بە لۆکەیەک یان پارچە ئیسفەنجێک چینێ پۆدرەی بەسەردا بڕێژێنە، دوای ئەمە قەڵەمی بۆیەی سووری بەسەر دابڕژێنە زۆر بەوردی و بە ئاگاییەوە بیکە، بەم جۆرە بۆیەکە بۆماوەیەکی درێژ ڕەنگەکەی دەمێنێتەوە، بەتایبەت ئەگەر خانمان لەوەرزی هاویندا ئەم ڕێگەیە بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی هەمیشە لێوەکانیان سوور پڕ جوانی بێت.

ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری...

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانوبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەری هەولێر/١

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەری زنجیرە (٩) لە گەڕەکی "سرای" لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٤/١٤) و دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوو بەژمارە (٤٣)ی ساڵی (١٩٧١) ی هەموارکراو پێی داوم بڕیارم دا خاوەنداریەتی لە کۆی (١) پشکی خانووبەری دیاری کراو بەناوی "ورثە حاجی عثمان حاجی یونس بابش" بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩) ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارێتی
دادوەری بەرایی هەولێر/١
دادوەر / سامح عثمان یونس

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانوبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەری هەولێر/١

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەری زنجیرە (٨٩) لە گەڕەکی "سرای" لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/١٠/٢١) و دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوو بەژمارە (٤٣)ی ساڵی (١٩٧١) ی هەموارکراو پێی داوم بڕیارم دا خاوەنداریەتی لە کۆی (١) پشکی خانووبەری دیاری کراو بەناوی "ورثە حاجی عثمان حاجی یونس بابش" بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩) ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارێتی
دادوەری بەرایی هەولێر/١
دادوەر / سامح عثمان یونس

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانوبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەری هەولێر/١

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەری زنجیرە (٤١) لە گەڕەکی "سرای" لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/١٠/٢١) و دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوو بەژمارە (٤٣)ی ساڵی (١٩٧١) ی هەموارکراو پێی داوم بڕیارم دا خاوەنداریەتی لە کۆی (١) پشکی خانووبەری دیاری کراو بەناوی "ورثە حاجی عثمان حاجی یونس بابش" بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩) ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارێتی
دادوەری بەرایی هەولێر/١
دادوەر / سامح عثمان یونس

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەری دەشتی هەولێر

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەری زنجیرە (١/٦١٨٣) لە گەڕەکی "٨٦بنەسڵاوە" لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٧/٢٣) و دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوو بەژمارە (٤٣)ی ساڵی (١٩٧١) ی هەموارکراو پێی داوم بڕیارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەری دیاری کراو بەناوی "علی ابوبکر عزیز" بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩) ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارێتی
دادوەری بەرایی دەشتی هەولێر
دادوەر نوزاد حسین اسعد

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر

ژمارە (١٦٠/ب/٢٠٠٨)

جاڕدان

بۆ داوالێکراو "ناظم رشید سعید" شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار "شوان خالد نجم" داوای ژمارە (١٦٠/ب/٢٠٠٨) لە سەر تۆ تۆمارکردووە کە تیایدا داوای "گەڕاندنەوەی قەرزی خۆی" دەکات، و لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری "موختارەکانی ئازادی و رزگاری لە هەولێر" بۆیە دادگا بڕیاریدا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت یان نوێنەرت لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٠٨/٨/٤) و بەپێچەوانەوە دادگایی پاشملە دەکرێت وبڕیار دەرهەقت دەردەچێت.

دادوەر
نوزاد حسین اسعد

***

دادگای باری کەسیەتی شەقڵاوە

ژمارە ١٠٤/ش /٢٠٠٨
ڕێکەوت ٢٠٠٨/٧/٢٢

جاڕدان

بۆ داوالێکراو: "هیوا احمد مصطفی"

ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/٢٠ بڕیاری لەسەرت دەرکردووە لە داوای ژمارە ١٠٤/ش/٢٠٠٨ کە تێیدا هاتووە بە دانی بژێوی رابردووی داواکار "شیلان عمانوئیل سیامند" و کوڕەکەت "هیڤیار" بە بری (٢٥٠٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە و بری (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆنێک و پێنج سەد هەزار دینار بۆ پێنج مانگی پێشوو و لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئەشعاری موختاری قەزای شەقڵاوە بۆیە پێترادەگەیەنین بەهۆی دوو ڕۆژنامەی خۆجێی و تۆش مافی نارەزایی دەربڕین و تانە گرتنت هەیە لەماوەی یاسایی، بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

قازی
دادیار حمید سلیمان

***

محكمة بداءة زاخو

العدد (١٩٠/ب/٢٠٠٨)
التاريخ (٢٠٠٨/٧/١٦)

اعلان

عطفا على الحكم الصادر من هذه المحكمة بعدد (١٩٠/ب/٢٠٠٨) و تاريخ (٥/١٥/ ٢٠٠٨) المتضمن ازالة شيوع العقار المرقم (٩٦٠/٢) م ١٢ ركاوه و الموصوف ادناه بالمزايده العلنية لمدة "ثلاثين" يوما اعتبارا من اليوم الثانى للنشر فعلى الراغبين بالشراء مراجعة محكمة بداءة زاخو فى تمام الساعة الثانية عشرة ظهرا مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة (١٠٪) عشرة بالمئة من القيمة المقدرة البالغة (٢١٠٠٠٠٠٠) واحد و عشرون مليون دينار ان لم يكونوا من الشركاء و عند انتهاء المدة المذكور ستجرى الاحالة القطعية وفقا للاصول مع العلم ان الدفع نقدا و الدلالية على المشترى واذا صادف يوم الاحالة عطلة رسمية فيكون اليوم الذى يليه موعدا لذلك.

القاضى/ مروان على فياض

الاوصاف
قطعة ارض خالية مساحتها (٢٥٠)م٢ ملك صرف

***

محكمة بداءة زاخو

العدد (١٧٧/ب/٢٠٠٨)
التاريخ (٢٠٠٨/٧/١٦)

اعلان

عطفا على الحكم الصادر من هذه المحكمة بعدد (١٧٧/ب/٢٠٠٨) و تاريخ (٥/١٥/ ٢٠٠٨) المتضمن ازالة شيوع العقار المرقم (٩٦٢/٢) م ١٢ ركاوه و الموصوف ادناه بالمزايده العلنية لمدة "ثلاثين" يوما اعتبارا من اليوم الثانى للنشر فعلى الراغبين بالشراء مراجعة محكمة بداءة زاخو فى تمام الساعة الثانية عشرة ظهرا مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة (١٠٪) عشرة بالمئة من القيمة المقدرة البالغة (٢١٠٠٠٠٠٠) واحد و عشرون مليون دينار ان لم يكونوا من الشركاء و عند انتهاء المدة المذكور ستجرى الاحالة القطعية وفقا للاصول مع العلم ان الدفع نقدا و الدلالية على المشترى واذا صادف يوم الاحالة عطلة رسمية فيكون اليوم الذى يليه موعدا لذلك.

القاضى/ مروان على فياض

الاوصاف
قطعة ارض خالية مساحتها (٢٥٠)م٢ ملك صرف

***

محكمة بداءة زاخو

العدد (٢٠٢/ب/٢٠٠٨)
التاريخ (٢٠٠٨/٧/١٦)

اعلان

عطفا على الحكم الصادر من هذه المحكمة بعدد (٢٠٢/ب/٢٠٠٨) و تاريخ (٥/١٥/ ٢٠٠٨) المتضمن ازالة شيوع العقار المرقم (٩٦١/٢) م ١٢ ركاوه و الموصوف ادناه بالمزايده العلنية لمدة "ثلاثين" يوما اعتبارا من اليوم الثانى للنشر فعلى الراغبين بالشراء مراجعة محكمة بداءة زاخو فى تمام الساعة الثانية عشرة ظهرا مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة (١٠٪) عشرة بالمئة من القيمة المقدرة البالغة (٢١٠٠٠٠٠٠) واحد و عشرون مليون دينار ان لم يكونوا من الشركاء و عند انتهاء المدة المذكور ستجرى الاحالة القطعية وفقا للاصول مع العلم ان الدفع نقدا و الدلالية على المشترى واذا صادف يوم الاحالة عطلة رسمية فيكون اليوم الذى يليه موعدا لذلك.

القاضى/ مروان على فياض

الاوصاف
قطعة ارض خالية مساحتها (٢٥٠)م٢ ملك صرف

***

محكمة بداءة زاخو

العدد (١٩٩/ب/٢٠٠٨)
التاريخ (٢٠٠٨/٧/١٦)

اعلان

عطفا على الحكم الصادر من هذه المحكمة بعدد (١٩٩/ب/٢٠٠٨) و تاريخ (٥/١٥/ ٢٠٠٨) المتضمن ازالة شيوع العقار المرقم (٩٥٩/٢) م ١٢ ركاوه و الموصوف ادناه بالمزايده العلنية لمدة "ثلاثين" يوما اعتبارا من اليوم الثانى للنشر فعلى الراغبين بالشراء مراجعة محكمة بداءة زاخو فى تمام الساعة الثانية عشرة ظهرا مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة (١٠٪) عشرة بالمئة من القيمة المقدرة البالغة (٢١٠٠٠٠٠٠) واحد و عشرون مليون دينار ان لم يكونوا من الشركاء و عند انتهاء المدة المذكور ستجرى الاحالة القطعية وفقا للاصول مع العلم ان الدفع نقدا و الدلالية على المشترى واذا صادف يوم الاحالة عطلة رسمية فيكون اليوم الذى يليه موعدا لذلك.

القاضى/ مروان على فياض

الاوصاف
قطعة ارض خالية مساحتها (٢٥٠)م٢ ملك صرف

***

محكمة الاحوال الشخصية في زاخو

العدد ٢٠٦/ش/٢٠٠٨
التاريخ ٢٠٠٨/٧/٢٤

اعلان

الى المدعى عليها/ سيبر رووف رمزى مجهولة محل الاقامه

اصدرت هذه المحكمه قرارها فى الدعوى الشرعيه المرقمة اعلاه و المؤرخ فى ٢٠٠٨/٧/٢٣ القاضي بتصديق الطلاق الخارجى الذى اوقعه زوجك المدعى "سالم عبدالمجيد رشيد" عليك خارج المحكمه الشرعيه بتاريخ ٢٠٠٤/١١/١٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بالقرار الغيابى اعلانا بالنشر فى صحيفتين محليتين يوميتين ولك حق الاعتراض و التمييز خلال المده القانونيه البالغة عشرة ايام تبداء من اليوم الذى يلى النشر وبعكسه سيكتسب القرار الدرجه القطعيه.

القاضي
مروان عادل اسماعيل